# فاروقی کەیخوسرەوی

# خەباتی فکری یان خەیانەتی بەکردەوە

برایم جەهانگیری

بەشی یەکەم

خوێنەری هێژا !

حەزم دەکرد ولاَمی وتووێژەکەی کاك فاروق کە لە گۆڤاری "چشم انداز ایران " دا بلاَو بۆتەوە هەر لەو گۆڤارە دا بدەمەوە بەلاَم لە وە دلَنیا بووم کە هەرگیز ئەم ولاَمە چاپ و بلاَو نەدەبۆوە.ئەوجۆرە گۆڤارانە وەك رۆژنامە ریفۆرم خوازەکان "جادەی یەکتەرەفەن "و تەنیا لایەنێك دەتوانێ تێیدا بنوسێ و بابەتی تێدا بلاَو بکاتەوە ؛ ئەویش ئەو لایەنەیە کە دژایەتی کورد و جولاَنەوەی حەق خوازانەی ئەو گەلە بکەن. کاتی خۆشی لە رۆژنامەی "نشاط "و" ط ـ وس" داو لە گۆشەی " نگاه ملی" دا ناحەزانی حیزب و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان رکێف کوت، ئەسپی خۆیان تاو دەداو هەرچی پێیان خۆش با لە دژی حیزب و جوولاَنەوە دەیان نووسی، بەداخەوە ئەو رۆژنامە ریفۆرمخوازانەش هەرگیز ولاَمی کەسیان لەو بارەوە چاپ و بلاَو نەدەکردەوە، باش وە بیرم دێ لە گۆشەی یەکێك لە رۆژنامە ریفۆرمخوازەکانی ئەوکات دا "خالد احمدیان" (مەلا خالیدی پەسوێ) کە ئەویش هەر هاوبیرو هاوسەنگەری کاك فاروق بووەو ئێستاش هاوسەنگەرێتی، بە چەواشە کردن و ئاوەژوو کردنی راستی یەکان هەولَی دابوو لاوەکان فریو بداو کوێرانە بەرەو رێفۆرمیستەکانی نێو دەسەلاَت پەلکێشیان بکات و زەینیان بەرانبەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بشێوێنێ.

هەر ئەو کات ولاَمێکم بۆو رۆژنامەیە نووسی یەوە کە کاك خالید باسەکەی تێدا بلاَو کردبۆوە، بەلاَم ئێستاش کە ئێستایە ئەم ولاَمە بلاَو نەبۆوە. جا بۆیە بە ناچاری پەنا دەبەمە بەر تۆڕی ئێنتێرنێت و بابەتەکەم لەوێ دا بلاَو دەکەمەوە هەر چەند بەم دواییانە چەند سایتی ئێنتێرنێتی کەوتوونە بەر هێرشی دەزگای تێرۆری ئەلکترۆنیکی رێژیمی ئیسلامیی ئێران و لەوانەیە ئەم سایتانە لە کوردستان زۆر بە ئاسانی نەکرێنەوە،با ئەوەش بلێم کە ئەم ولاَمە لە دوو بەش دا بلاَو دەبێتەوە، بەشی یەکەم سەبارەت بە هەلوێستی سیاسی تاقمی ٧ کەسی و قسەکانی ئێستای کاك فاروقەو بەشی دووهەم سەبارەت بەو خەیانەتەیە کە ئەو تاقمە دەرحەق بە ماموستا هێمن کردوویانە. ئەوەی ئێستا لە بەر دەستان دایە، بەشی یەکەمی ئەم بابەتەیە.

گۆڤاری "چشم انداز ایران" لە ژمارەی تایبەتی خۆی دا کە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٨٢ دا بلاَوبۆتەوە ڕاوبۆچوونی چەند خاوەن نەزەرێکی سەبارەت بە کوردستان بلاَو کردۆتەوە کە بریتین لە "احسان هوشمند"، "مهندس هاشم صباغیان"، "د. احمد صدر حاج سید جوادی"، "مهندس عزت الله سحابی"، "د.ابراهیم یونسی"، و "مهندس فاروق کیخسروی" بابەتەکان بە شێوەی وتووێژ ئامادە کراون و هەر هەموو سەبارەت بەچۆنیەتی هەلگیرسانی شەڕی کورد و رێژیمی ئیسلامی ئێرانە.

ئەوەی لەم نێوە دا سەیر و سەمەرەیە، وتووێژی کاك فاروقی کەیخوسرەوی یە کە ئەندامی رێبەرایەتی تاقمی ٧ کەسی بوو (پ.ك.٤ ). ناوبراو تازە بە شێخی پیرەبالَەکان هەلَەسوونەی هێناوەتەوەو شانازی بە رابردووی خۆی دەکا. جارێك لە گێرانەوەی شەڕی سەقز دا دەبێتە پالَەوانی فیلمە سینەماییە ئەمریکایی یەکان و دەرکە لە رێسمە دەێنێتە دەرێو جارێکی دیکەش لە بەرامبەر رێبەری حیزب دا بۆیرانە رادەوەستێو بە

هیچ لەونێ لە بەریان دانانوێنێ! چەند جارێك لە لایەن حیزبەوە دەگیرێ و دوا جاریش لە لایەن حیزبەوە (وەك بۆ خۆی دەڵێ) بە چەشنی پێشمەرگەکانی حیزب کە لە ٤٦، ٤٧دا و لە لایەن بارزانییەوە تەسلیمی ڕێژیمی شا کرانەوە ئەویش تەسلیمی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەکرێتەوە؟! بەڵام شانسی هێناوە و نەجاتی بووە و ڕێژیم ئێعدامی نەکردووە؟!

ئەگەر چی کاك فاروق لە جێگەیەك دا کاك جەلیل گادانی بەوە تاوانبار دەکا کە لە کتێبی "با نەبێتە درۆی پاش مردوو" ئەو شتەی لەبارەی کاك فاروقەوە کوتوویەتی درۆیە؟! و بەم هۆیە کاك جەلیل بە درۆزن دەزانێ بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ کاك فاروق لە سەرەتای وتووێژەکەیەوە تا کۆتاییەکەی هەرگیز بەلای ڕاستی مەسەلەکە دا نەچووە و لە سەفسەتە بەو لاوە چی نەکردووە . وا دیارە هێشتا بۆ خۆی نازانێ ڕاستی بەری چ دارێکە؟ کاك فاروقی کەیخوسرەوی هۆی جیا بوونەوەی خۆی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەوە دا دەبێنێ کە حیزبی دێمۆکرات بەستراوە بە بەعس و ڕژێمی عێراق بووە و ئەوان کە زۆر بە هەڵوێست بوون نەیان ویستووە ببن بە پیاوی بەعس! بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەش وێرای پێکهێنەری دیمانەکە تەنیا ئامارە بەو بوختان و چەواشەکارییەی کاك غەنی بلوریان دەکەن کە لە ئالەکۆك داهاتووە و پوختەی قسەکە ئەمەیە: عەبدوڵڵا حەسەن زادە چووەتە کەرکوك و لەگەڵ ئیستیخباراتی عێراق کۆبووە تەوە و لە لایەن ئیستیخباراتەوە گەڵاڵەیەکی هێناوە بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و کاك غەنی و هاوەڵانی پێی هەڵبەزیونەوە و ئەمە یەکێك لە هۆ سەرەکییەکانی پێك نەگەیشتنی حکومەتی ئیسلامی ئێران و حیزبی

بەر لە هەموو شتێك جیا بوونەوەی کاك فاروقی کەیخوسرەوی لە حیزبی دێمۆکرات لە سەر یەك بیر و یەك هەڵوێستی گشتی و دەتوانم بڵێم یەك بۆچوونی ئیستراتژێك بوو، کاك فاروق دیفاعی بە کردەوەی لە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەکرد و پێی وا بوو (وەك بۆ خۆی دەڵێ ئێستاش باوەری پێیەتی) ئەو ڕێژیمە دژی ئیمپریالیستە و دژایەتی کردنی یانی نۆکەرایەتی ئیمپریالیزم، ئەوان پێیان وا بوو ئەو ڕێژیمە تاقە یەك عەیب نەبی چ عەیبی نەبوو ، ئەویش دژایەتی کردنی ڕێژیمی دیمۆکراتیکی ئەفغانستان و یارمەتی دانی بەکریگیراوانی ئیمپریالیزم واتە موجاهیدنی ئەفغانستان بوو. ئەو بەریزە لە ڕاستی دا کیشەی کورد و حیزبی دیمۆکرات و عەدالەتی کۆمەلایەتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ... تور هەلدا و رە گەل ئەو رەوتە کەوت، کە بە هۆی حیزبی تودەوە بناخە فکرییەکەی دامەزرا بوو.

دێمۆکرات و جوی بوونەوەی ئەوان بووە.

من لێرە دا نام هەوێ وەڵامی دێر بە دێری ئەو بوختانانەی کاك فاروقی کەیخوسرەوی بدەمەوە، بەڵام وەك ئەندامێکی حیزب بە هەقی خۆمی دەزانم لەو بارەوە و لە سەر قسەکانی کاك فاروق کە من لە نزیکەوە لە هێندێکیان ئاگادارم چەند دێرێك وەڵامی بۆ بنووسمەوە.

جارێ سەبارەت بەو قسەیەی کە کاك فاروق زۆر دڵی پێ خۆش دەکا و پێکهێنەری دیمانەکەش زۆری پێ لە سەر دادەگرێ،کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەستراوە بە بەعس بووەو فاکتەکەش تەنیا قسەکەی کاك غەنی بلوریانە؛ ئەوەندە دەڵێم کە: لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب دا کە لە ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی دا و لە گوندی (شیوەجۆ) بەسترا، دوکتور قاسملوو سەبارەت بە پێوەندی حیزب و دەوڵەتی عێراق گووتی: "ئێمە نای شارینەوە کە لەگەڵ حکومەتی عێراق دا پێوەندیمان هەیە بەڵام ئەم پێوەندییە تا ئەو جێگەیە ڕەوایە کە سەربەخۆیی سیاسی حیزب پێشل نەکا. تازەمانێك حیزب سەربەخۆیی سیاسی خۆی بپارێزێ، وەك حیزبێکی هەمیشە زیندوو و خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵك دەمێنێتەوە."

ئەمڕۆکە حیزب دوای کۆنگرەی پێنج، حەوت کۆنگرەی دیکەشی گرتووە، بە ڕاشکاوی دەڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کاتەوە تا ئێستاش لەبارەی سەربەخۆیی سیاسییەوە هەر لە سەر باوەڕەکەی دوکتور قاسملووی نەمر ماوەتەوە و بۆ سەلماندنی ئەو مەسەلەش لە لای کاك فاروقی کەیخوسرەوی دۆست بە شاهید ناهێنمەوە، بەڵکو دوژمنەکەی حیزبی دێمۆکرات واتە ڕێژیمەکەی کە کاك فاروق عەقیدەی پێیەتی (وەك بۆ خۆی دەڵێ)، بە شاهید دەگرم کە هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان بە ڕاشکاوی ڕای نەگەیاندووە کە حیزب بەستراوە بە حکوومەتی بەعس بووە، دیارە

ئەمە جگە لە ساڵانی ٥٩و٦٠و ٦١ی هەتاوییە کە حیزبی تودە لە ئارادا بوو و ئەوان ئەو بوختان و درۆیەیان بۆ حیزب هەڵدەبەست، ئاشکراشە تاقمەکەی کاک فاروقیش کە دار دەستی تودەییەکان بوون لە رۆژنامەی کوردستانی خۆیان دا بڵاویان دەکردەوە، بەیاننامەی رەسمی حیزب دوای هێرشی ئەرتەشی عیراق بۆ سەر خاکی وڵاتەکەمان ئاشکراترین دەلیلە بۆ نیشتمان پەروەری و سەربەخۆیی سیاسی حیزبی دێموکرات.لەو بەیاننامەیەدا دا حیزب را دەگەیێنێ کە "ئەگەر دەولەتی مەرکەزی ئێران داخوازە بنەرەتییەکانی خەڵکی کوردستان بە رەسمی بناسێ حیزبی دێموکرات ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگار بوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وە کار بخا"[1] بەڵام رێبەرایەتی حیزبی تودەو تودەیی سفەتەکان چاویان لەو حەقیقەتانە دەپۆشی و تەنیا بوختان کردن و تۆمەت بار کردنی حیزبیان مەبەست بوو. دیارە حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە تا ساڵی ٥٨و تا ئەو کاتەی کە لە لایەن رێبەرایەتی حیزبی توودەوە نامەیەك بۆ ریبەری حیزب هات و لەو نامەیە دا داوا لە حیزب کرابوو کە بگەڕێتەوە باوەشی حیزبی دایك(مەبەست حیزبی توودە بوو)پێوەندی دۆستانەیان هەبوو بەڵام دوای ئەوەی کە دوکتور قاسملوو وەك سکرتێری حیزب جوابی ئەو نامەیەی داوەوئەو بیرە چەوتەی رەت کردەوە وراشی گەیاند کە حیزبی دێموکرات هەموو دەم ئامادەیە وەك حیزبێکی سەربەخۆ پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ حیزبی توودە دا هەبێ؛ رێبەری حیزبی توودەو لە سەرووەی هەموان "نورالدین کیانوری"پێی هەڵبەزینەوە و زەوی و ئاسمانیان لا وێك هات. حیزبی توودە پێی وابوو حیزبی دێمۆکراتیش وەك فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان ملکی تایبەتی حیزبی توودەیە و نابێ بێ ئیزنی ئەوان قامکی لە ئاوێ هەڵکێشێ!

پاش ئەوەی حیزبی توودە بۆی دەرکەوتکە حیزبی دێموکرات ناچێتە ژێر باری بەستراوەیی حیزبییەوە دەستی کرد بە تەبلیغات لە دژی حیزب و تۆمەت بارکردن و بوختان پێ کردن.

بەڵام حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی کاک فاروق حازر نەبوو ببێتە داردەستی حیزبی تودە و یەکێتی سۆڤیەت و بەرژەوەندی گەلی کوردیشی توور هەڵنەدا و لە بەرامبەر هێرشی سوپاو بەسیج دا تاکتیکی دیفاعی چەکدارانەی لە خەڵکی کوردستان هەڵبژارد، هەر لەم پێوەندی‌یە دا با ئەوە وەبیر بێنمەوە کە کاك فاروقی کەیخوسرەوی و هاوڕێیانی باوەڕیان بە شەڕی چەکداری دژی حکوومەتی ئیسلامی ئێران نەبوو دەنا بۆ شەڕی چەکداری لە دژی پێشمەرگە بە تایبەتی لە شیمالی کوردستان دا ئەلحەق دەوری چاکیان گێڕا ؛ تا ئەو جێگەیەی لە بەرامبەر تەسلیم کردنەوەی تەرمی پێشمەرگەی‌شەهید بە سوپای پاسدارانی سەلماس (وەك کاك سەننار مامە دی دەڵێ) ٦٠ برنووش پاداش وەردەگرن.

با لێرە دا ٢ نموونەی زۆر زەق و بەرچاو وەبیر بێنمەوە کە ئەو سەردەمە لە لایەن حیزبی تودەوە وەك تۆمەت و بوختانی ئاشکرا خرانە پاڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

هەموو لایەکی ئەو باسانە لە بیرمانە کە لە رۆژنامەی "مردم" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەوە ئەو خەبەرە بڵاوبۆووە "قاسلمو ٩ میلیۆن دولاری لە ناتۆ وەرگرت" جا چ پێوەندی‌یەك لە نێوان ناتۆ لە لایەك (وەك پەیمانی نیزامی وڵاتانی غەربی لە بەرامبەر پەیمانی وەرشەو دا) و دوکتور قاسملوو وحیزبی دێمۆکرات لە لایەکی دیکەوە هەبووە و چۆن بووە کە ئەم رێکخراوە بە توانایە لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات رێك کەوتبوو مەگەر هەر رێبەرانی ئەو کاتەی حیزبی تودە بیان زانیبا؟! ئەوە یەکێك لەو تۆمەت و بوختانە ناڕەوایانە بوو کە رێبەرایەتی حیزبی تودە دەیدایە پاڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کاك فاروقی کەیخوسرەویش تیف تیفەی دەدا و لێرە و لەوێ میتینگی لە سەر دەدا.

لە پرسیار و وەڵامی ژمارە ٦ی ئەو سەردەمە دا (پرسش و پاسخ) کیانووری دەڵێ:حکومەتی بەعس بە کرێگیراوانی حیزبی دێمۆکرات و دژی شۆڕش فێری خەلەبانی هێلی کوپتێر دەکا و لەم پێوەندی‌یە دا کەسێك بە نێوی مراد قادری بە نموونە دێنێتەوە،جا لە کوێی دونیا دا پارتیزان و پێشمەرگە بە هێلی کۆپتێر شەڕیان کردبوو تا حیزبی دێمۆکراتیش ببێ بە دووهەمین، ئەوە مەگەر کاك فاروق وەڵامی ئەوپرسیارە بداتەوە. ئەم بوختان و درۆیانەی حیزبی تودە و کاك فاروقی کەیخوسرەوی لە راستی دا کار بە دەستانی رێژیمی ئیسلامی ئێرانی لە شەڕ دژی کوردەکان دا شێلگیرتر

دەکرد و ئەوان بە بڵاوکردنەوەی ئەو خەبەرە درۆیانە ئاگری شەڕی ماڵوێرانکەری کوردستانیان خۆشتر دەکرد. هەر بۆیە دەبێ بەرامبەر بە مێژوو و بەو هەموو ئەو خوێنانەی لە شەڕی کورد و رێژیم دا رژاون خۆیان بە بەرپرسیار بزانن. جگە لەمە دەیان کەس لە لاوانی کورد و ئێرانی کە رۆژێك لە رۆژان لەگەڵ ئەو رێبەرایەتی‌یە دا بوون ئێستاش هەست بە گوناه وشەرمەزاری دەکەن و لە راستی دا تاقمێکی زۆر بچووك نەبێ کە ئێستاش وەك کاك فاروقی کەیخوسرەوی قین لە دڵانە دەڕواننە حیزبی دێموکرات ؛ ئەوانی دیکە یان وازیان لە دژایەتی لەگەڵ حیزب هێناوە یان راستەوخۆ هاتوونەوە رێزی تێکۆشەرانی دێموکرات و زۆر چالاکانە بۆ وەدی هاتنی ئاواتەکانی گەل تێدەکۆشن.

ئەم جار پێش ئەوەی بێمە سەر باسەکەی کاك فاروقی کەیخوسرەوی با ئەوە بڵێم کە من هەرگیز پێم وانییە کە حیزب لە ژیانی دا هەڵەی نەبووە ؛ تەنیا خویندنەوەی "نیو سەدە تێکۆشان "دەری دەخا کە حیزبیش هەڵەی هەبووە و ئەو هەڵانەش کەم نەبوون وبەو پێیەش بە شێوەیەکی دەمارگرژانە دیفاع لە حیزب ناکەم، بە تایبەتی کە حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر قسەی کەسێکی ناسراوی وەك کاك فاروقی کەیخوسرەوی هەرگیز پێویستی بە دیفاع کردن نیە. بەڵام هێندێ راستی هەن کە من لێیان ئاگادارم و کاك فاروق چەواشەی کردوون و دەیهەوێ ئەو تازە لاوانەی پێ فریو بدا کە بە چاکی ئاگایان لە هەموو رووداوەکانی ئەم دواییانە نەبووە ؛ هەر لێرەش دا پەیمانی دەدەمێ کە لە یەکەمین دەرفەت دا شتێکی زۆر پوخت و حاشا هەڵنەگری لەو بارەوە پێشکەش دەکەم.

بەر لە هەموو شتێك جیا بوونەوەی کاك فاروقی کەیخوسرەوی لە حیزبی دێموکرات لە سەر یەك بیر و یەك هەڵوێستی گشتی و دەتوانم بڵێم یەك بۆچوونی ئیستراتژێك بوو، کاك فاروق

> ئەوبۆچوونەی کاك فاروق راست ئەو بۆچوونەیە کە بۆی لە حیزب جیا بۆوە و رێزی دیفاع لە خەڵکی کوردی بە جێ هێشت و ریزی چەپی تەسلیم تەڵەبی هەڵبژارد، ئەو بۆچوونە بۆچوونی رێزدار د.ئیبراهیم یونسی و ئیسحاق هوشمەندیشە؛ بەلام هەموو ئەوانە باش دەزانن کە حیزبی دێموکرات چەکی وەك ئامرازێکی شەڕخوازانە بەکار نەهێناوە، بەڵکو کاتێ چەقۆ گەیشتە سەر ئێسکان و شار و گوندی کوردستان کەوتە ژێر بۆمباران و تۆپ باران و هێرشی بەسیج و سپای پاسداران، ئەو کات بۆ دیفاع لە خەڵك و لەمان و مەوجوودی‌یەتی خۆی دیفاعی کرددوە و ئەو دیفاعەش گەڵی پیرۆزو بە جێ بووە.

دیفاعی بە کردەوەی لە رێژیمی ئیسلامی ئێران دەکرد و پێی وا بوو ئەو رێژیمە دژی ئیمپریالیستە و دژایەتی کردنی یانی نۆکەرایەتی ئیمپریالیزم، ئەوان پێیان وا بوو ئەو رێژیمە تاقە یەك عەیب نەبێ چ عەیبی نەبوو ، ئەویش دژایەتی کردنی رێژیمی دێموکراتیکی ئەفغانستان و یارمەتی دانی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم واتە موجاهیدنی ئەفغانستان بوو. ئەو بەرێزە لە راستی دا کێشەی کورد و حیزبی دێموکرات و عەدالەتی کۆمەلایەتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ... توڕ هەڵدا و رە گەڵ ئەو رەوتە کەوت، کە بە هۆی حیزبی تودەوە بناخە فکری‌یەکەی دامەزرا بوو.

بە واتایەکی دیکە حیزبی تودە و کاك فاروق لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوونە قوربانی شەڕی دوو جەمسەری ئەمریکا لە لایەك و سۆڤیەت لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئێستاش بڵاوکراوەکانی ئەو کاتەیان چاو لێ بکەین دەبینین کە زیاتر لە نیوەی باسەکانیان، لەسەر کێشەی ئەفغانستان بووە. بەڵام حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی کاك فاروق حازر نەبوو ببێتە درادەستی حیزبی تودە و یەکێتی سۆڤیەت و بەرژەوەندی گەلی کوردیشی توور هەڵنەدا و لە بەرامبەر هێرشی سوپا و بەسیج دا تاکتیکی دیفاعی چەکدارانەی لە خەڵکی کوردستان هەڵبژارد، هەر لەم پێوەندی‌یە دا با ئەوە وەبیر بێنمەوە کە کاك فاروقی کەیخوسرەوی و هاوڕێیانی باوەڕیان بە شەڕی چەکداری دژی حکوومەتی ئیسلامی ئێران نەبوو دەنا بۆ شەڕی چەکداری لە دژی پێشمەرگە بە تایبەتی لە شیمالی کوردستان دا ئەلحەق دەوری چاکیان گێرا ؛ تا ئەو جێگەیەی لە بەرامبەر تەسلیم کردنەوەی تەرمی پێشمەرگەی‌شەهید بە سوپای پاسدارانی سەلماس (وەك کاك سەننار مامە دی دەڵێ) ٦٠ برنووش پاداش وەردەگرن.

کاك فاروق لەم وتووێژە دا هەر لە سەرەتاوە شتێکی سوا و کۆن بوو

دەگێڕێتەوە و سەبارەت بە چۆنیەتی بە ئەندام بوون لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا دەڵێ: فیلتەرێکی باش بۆ ئەندامەتی حیزب دانەندرابو. لە حاڵێك دا ئەو باسە لە لایەن مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادە لە "نیو سەدە تێکۆشان "دا ئاماژەی پێ کراوە."رووداوەکان ئەوەندە خێرا دەچوونە پێش کە ئێمە پێیان را نەگەییشتین ؛ بە تایبەتی کە هەم ماوەیەکی زۆر بوو لە وڵات دوور بووین و هەم بە هیندی بریاری ویشك دەست و باڵمان بەسترابوو بۆیە زورم نەگوتووە ئەگەر بڵێم وەختێك ڕێژیمی شا رووخا لە راستی دا بە سەرمان دا رووخا"(٢) کە وایە کاك فاروق شتێکی تازەی نەکوتووە؛ دیارە ئەمیش هۆکار گەلێ جیاوازی هەیەو هۆی سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە ئاستەمەی حیزبی تێدا بووە ؛حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە

نزیك بە شێست ساڵ تەمەنی خۆی دا جگە لە دوو ساڵی ناتەواوهەموو کات لە ژێر فشارو زەبرو زەنگ دابووە و قەت بەئاسوودەیی و ئارامی بیری لە دامەزراندنی ڕێکخراوو تەشکیلات نەکردۆتەوە.جگە لەمە ئەو کات زۆربەی هەر زۆری خەڵکی کوردستان خۆیان بە حیزبی دەزانی؛ بە تایبەتی دوای میتنگە بەناوبانگەکەی حیزب لە شاری مەهاباد و لە ستادیومی ئازادی کە لەوێ دا دوکتور قاسملوو تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی راگەیاندو و زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کەس لەو میتینگە دا بەشدار بوو.سەرە رای ئەمانە ئەو کات زۆربەی خەڵك چەکدار بوون و چاوەڕوان بوون حیزب لە هێزی پێشمەرگە دا سازمانیانبدا. هەر بۆیە نەدەکرا و دەرفەت نەبوو فیلتەر دابنێ و ناچاریش لە ئینسانی خەراپ و بێ ئەخلاق را بگرە تا جاسووسو توودەیی خزانە ناو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات، بەڵام ئەوانە هیچ کات نەیان توانی لە سیاسەتی گشتی حیزب دا شوێن دانەر بن و پاش یەك دوو ساڵ بەرەبەرە ریزەکانی حیزب لەو کەسانە پاك بوونەوە.

> چۆنە حیزبی توودە کە چەندەی "خزمەتی سۆڤیەت کرد ئەوەندەش زیاتری خزمەت بە دامەرزاندن و سەقامیگر بوونی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران کرد، کەوتە بەر هێرشی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم وزۆربەی ڕێبەرانیان لە سناریۆیەکی تەلەویزیۆنی دا دانانیان بە جاسوسی کردن بۆ شوورەوی پێشوو ناو هێندێك لە ئەندامانو ڕێبەرانی بۆ ماوەی چەند ساڵ لە زیندانەکان دا مانەوەو ئەوانی دیکەش ئاوارەی هەندەران بوون.

کاك فاروق لە جێگەیەکی دیکە دا دەڵێ: "یەکێك لە توندترین رەخنەکانمان لە حیزب، ئەو چەکدار بوونە بوو، چونکە پێمان وا بوو تێکۆشان دەبێ سیاسی بێ، ئەگەر حیزب درێژەی بە تێکۆشانی سیاسی دابایە، رەنگبێ ئێستا پێگەیەکی دیکەی لە نێو خەڵك دا هەبووایە. بەداخەوە هەڵەکان یەك و دوو نین، بەڵکو بە دەیانن"(٣)

کیشەکەی کاك فاروق راست ئەمە بووە کە لەسەرەوە باسی کردووە بەڵام قەت رۆژێ لە رۆژان بە راشکاوی ئەو مەسەلەیان نە درکاندووە بۆیە کاتی خۆی دوکتور قاسملوو دوای خۆ بە دەستەوەدانی کاك فاروق و هاوبیرانی ناچار لە چوار چرای مەهاباد دا لە ئاپۆرایەکی زۆری خەڵك کە بۆ گوێ گرتن لە قسەکانی ئەو کۆ ببوونەوە دەپرسێ" فەلسەفە باقی پێ ناوێ مەسەلەکە ئەوەیە ؛ چەك دابنێین یان دای نەنێین".(٤)

ئەوبۆچوونەی کاك فاروق راست ئەو بۆچوونەیە کە بۆی لە حیزب جیا بۆوە و ڕێزی دیفاع لە خەڵکی کوردی بە جێ هێشت و ریزی چەپی تەسلیم تەڵەبی هەڵبژارد، ئەو بۆچوونە بۆچوونی ڕێزدار د.ئیبراهیم یونسیو ئیسحاق هوشمەندیشە؛ بەڵام هەموو ئەوانە باش دەزانن کە حیزبی دێمۆکرات چەکی وەك ئامرازێکی شەڕخوازانە بەکار نەهێناوە، بەڵکو کاتێ چەقۆ گەیشتە سەر ئێسکان و شار و گوندی کوردستان کەوتە ژێر بۆمباران و تۆپ باران و هێرشی بەسیج و سپای پاسداران، ئەو کات بۆ دیفاع لە خەڵك و لەمانو مەوجوودیەتی خۆی دیفاعی کردوە و ئەو دیفاعەش گەلێ پیرۆزو بەجێ بووە.

خۆ هەموو ئەو کەسانەی بۆچوونی لەو چەشنەیان هەیە باش دەزانن کە "حیزبی توودە"، "فدائیان خلق اکثریت"، "نهضت ازادی"، "حزب ملت ایران"، "سازمان دیفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی" کە بەرپرسی یەکەمی ئاغای "ری‌شهری" وەزیری پێشووی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بوو تاویان نەدابووە چەك، ئەدی چۆنە لە بەرامبەر هێرشی دەزگای سەرکوتی رژێم

بوونە پووشی بەربا و ئاسەواریان نەما؟

چۆنە حیزبی تودە کە چەندەی "خزمەتی سۆڤیەت کرد ئەوەندەش زیاتری خزمەت بە دامەرزاندن و سەقامیگر بوونی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران کرد، کەوتە بەر هێرشی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم و زۆربەی ڕێبەرانیان لە سناریۆیەکی تەلەویزیۆنی دا دانانیان بە جاسوسی کردن بۆ شوورەوی پێشوو ناو بەشێك لە ئەندامان و ڕێبەرانی بۆ ماوەی چەند ساڵ لە زیندانەکان دا مانەوەو ئەوانی دیکەش ئاوارەی هەندەران بوون . وەڵامی ئەو پرسیارە هێندە سەخت و دژوار نیە، با هێندێك دوورتر بڕۆین، ئایا لە کاتی خۆی و لە ڕێژیمی پاشایەتیشدا هیچ هێزێکی سیاسی مافی تێکۆشانی ئازادی هەبوو؟ ئایا لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، کوبا، چین، سووریە، عێراقی سەدام حوسێن، سودان، کۆریای باکور، جگە لە پارێزەرانی دەسەلات هیچ هێزێکی سیاسی دیکە ئازادی تێکۆشانی هەبووە و هەیە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەو ڕاستی‌یەیە کە بە داخەوە وا دیارە هێشتا هێندێك ڕووناکبیری کوردی کە خۆیان بە چەپ دەزانن و لە ڕاستی دا چەپی تەسلیم تەڵەبن تێی نەگەیشتوون یان خۆی لێ دەبوێرن. کاك فاروقی کەیخوسرەوی! بیست و چەند ساڵ لە شۆرش تێپەڕیوە ودنیا زور ئاڵو گۆڕی گوری گەورەی بە خۆیەوە دیوەو بێ وچانیش لە گۆران و بەرەوپیش چوون دایە؛ خەڵکی ئێرانیش بە گشتی و خەڵکی کورد بە تایبەتی زۆر بە باشی ئەو ئاڵوگۆڕانە هەست پێ‌دەکەن و بە تەواویش لە ماهییەتی ڕێژیم گەیشتوون . تەنانەت کار گەیشتۆتە جیگایەك کە هێندێ لە کار بەڕێوەبەرانی ڕێژمیش ئێستا لە خۆیان گەیشتوون و خەریکن ریزی خەڵك هەڵدەبژێرن، لەو هەڵوومەرجە ئاستەمە دا ئیوە لە پێناو چی دا پاکانە بۆ ڕێژیم دەکەن؟

کاك فاروقی کەیخوسرەوی! بیست و چەند ساڵ لە شۆرش تێ پەڕیوە ودنیا زور ئاڵو گۆڕی گوری گەورەی بە خۆیەوە دیوە و بێ وچانیش لە گۆران و بەرەوپیش چوون دایە؛ خەڵکی ئێرانیش بە گشتی و خەڵکی کورد بە تایبەتی زۆر بە باشی ئەو ئاڵوگۆڕانە هەست پێ دەکەن و بە تەواویش لە ماهییەتی ڕێژیم گەیشتوون . تەنانەت کار گەیشتۆتە جیگایەك کە هێندێ لە کار بەڕێوەبەرانی ڕێژمیش ئێستا لە خۆیان گەیشتوون و خەریکن ریزی خەڵك هەڵدەبژێرن، لەو هەڵوومەرجە ئاستەمە دا ئیوە لە پێناو چی دا پاکانە بۆ ڕێژیم دەکەن؟

لە جێگەیەکی دیکە دا کاك فاروق لە وەڵامی پرسیارێك دا سەبارەت بە شەڕی سنە کە لێی دەپرسن: کاك غەنی بلوریان کوژراوەکانی شەڕی سنە بە زیاتر لە دوو هەزار کەس دەزانی ئێوە راتان چییە؟ تێ دەمێنێ و لە بەینی دوو تاتەکە دا گیر دەکا، ئەگەر بڵێ غەنی بلوریان راست دەکا و لەو شەڕە دا زیاتر لە دوو هەزار کەس کوژراون، ئەو دەم جنایەتی ڕێژیم ئاشکراتر دەبێ و ڕێژیمیش دڵی دێشی؟! ئەگەر بڵێ وا نیە ؛کاك غەنی بلوریان وەدرۆ دەخاتەوە و ئەوش ناکرێ، چوونکە سەبارەت بەو قسە و قسەلۆکانەی کە کاك غەنی دەرهەق بە حیزبی دیموکرات و ڕێبەرایەتی حیزب کردونی کاك فاروق بە سادقی دەزانێ. هەر بۆیە لە وەڵامی ئەو پرسیارە زیرەکانە خۆ دەبوێرێ و خۆی دەدزێتەوە و هەر بە لای وەڵامەکە دا ناروا و دەڵێ: " لە قەیرانی سنە دا بەرپرسایەتی‌یەکە لە ئەستۆی کۆمەڵەیە کە رەقیبی حیزب بوو. و زۆر توند هەڵوێستان دەگرت و فەزای گشتیش ئەو کات لە بەرژەوەندی کۆمەڵە دا بوو. یانی حیزب دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو و ئەو کاتە کاروبارەکان کۆمەڵە بەڕێوەی دەبردن". (٥)

کاك فاروق لێرەش دەیهەوێ پاکانە بۆ ڕێژیم بکا و تاوانی هەڵگیرسانی شەرەکە بخاتە سەرشانی هێزە کوردی‌یەکان، من هیچ شکم لەوە دا نیە کە لە لایەن کورد و هێزە کوردەکانیشەوە لە هێندێ جێگا دا توندڕۆیی هەبووە و هەڵە کراوە؛ بەڵام ئەوەی مەیلی لە شەڕ بوو و شەڕی دەست پێ کرد ؛ حکوومەت بوو نەك کورد و هێزە کوردی‌یەکان، با ئاوڕێك لە وتووێژی د.احمد صدر حاج سید جوادی" بدەینەوە کە هەر لەو گۆڤارە دا و سەبارەت بە شەڕی سنە و هاتنی فانتوم و شکاندنی دیواری دەنگ لە کاتی ووتوێژی هەیئەتی دەوڵەت و کوردەکان دا دەڵێ: "خوالێخۆش بوو قەرەنی (مەبەست تیمسار قەرەنی‌یە) بە دەمارگرژی نیزامی خۆی و بەو پێیە کە ئەرتەشی‌یەکان

له راپۆرتی خۆیان دا زیاده رۆییان کردبوو، که ئەگەر فریای کوردستان نەکەون، کوردستان جیا دەبێتەوە، ئەو کارەی کردبوو، ئاوهاش نەبوو، هەڵبەته خوالێخۆشبوو مفتی زاده و شێخ عیزەدەین لەگەڵ چەکدارەکانیان، هەرگیز نەیانویست لەگەڵ ئێمه دا شەڕ بکەن.

هەر لەو کاتیدا خوالێخۆشبوو "ئایەتووڵلا تاڵەقانی" له مەیدانێك دا قسەی بۆ خەڵك دەکرد، نەفەرێك پووکەی بۆمبێکی هێنا کە لە فرۆکەکان کەوتبووه خواری و دە پازده کەسیشی به دواوه بوو کە دژی بازرگان دروشمیان دەدا، پووکەکەیان هێنا لە پێش من و ئاغای تاڵقانی دایاننا، بە فەرمانی ئاغای تالقانی، تەلەفۆنم بۆ ئاغای قەرەنی کرد و گوتم بۆ بێ ئیجازە ئەو کارەت کردووە؟ بۆ لەگەڵ من مەشوەرتت نەکردووە؟ ئەویش وەڵامی داوه من لە ئاغای خومەینی ئیجازەم وەرگرتووه". (٦)

لە جێگەیەکی دیکە دا و لە وەڵامی ئەو پرسیاره دا کە کاتێ ئیمام دەخالەتی کرد و عەمەلیاتی نیزامی لە لایەن حکومەتەوە دەستی پێ کرد، هەموو لایەك رازی بوون؟ "د.احمد صدر حاج سید جوادی" دەڵێ: "ئەوەی راست بێدەسەلاتی به کردەوەی ئاغای خومەینی ئاشکراو لەبەرچاو بوو، ئەو فرمانه لە لایەن دەوڵەتەوه نەبوو، ئێمه بە گشتی وەك هەیئەتی دەوڵەت دژی عەمەلیاتی چەکداری و نیزامی بووین، مهندس بازرگانیش رازی نەبوو، فەرمان فەرمانی ئیمام بوو". (٧)

من لێره دا هیچ وەڵامێك بە کاك فاروق نادەمەوه و خوێنەرانی خۆشەویست دەکەم بە حەکەم کە ئایا کاك فاروق راست دەکات یان ئەو کەسەی خۆی بەرپسێکی گەورەی رێژیم بووه و تا ئه جیگەیەی بزانم دوای شۆڕشی ٥٧ پۆستی وەزارەتی هەبووه ؟

با سەبارەت بە هەڵگیرسانی شەڕی پاوەش ڕاوبۆچوونی رێزدار "مهندس هاشم صباغیان" بزانین کە ئەویش دووهەمین وەزیری وڵات بووه دوای قەیرانی کوردستان. رێزدار "صباغیان" لە وەڵامی پرسیارێك دا سەبارەت بە هەڵگیرسانی شەڕی پاوه دەڵێ: "گوتم کە خەبەرەکانیان بە درۆ دەگێراوه، خوالێخۆشبوو خومەینی بڕیارێکی دا بوو، کە زۆر بە جێ نەبوو، پاشان کاتێ گوتیان لە سنه خەبەرێك نیە، پێشی گیرا". (٨)

بە راستی مرۆڤ واقی وڕدەمێنێ، کاتێ بۆ چوونی بە ناو ڕووناکبیرانی کورد دەبیسێ و بۆچوونی روناکبیری فارس و غەیره کوردی گوێی لێ دەبێ دەحەپەسێ؟! "صباغیان" غەیره کورده و لە نزیکەوه ئاگای لە ڕوداوەکان هەیە، ئیحسان هوشمەندو فاروقی کەیخوسرەویش کوردن و ئەوانیش راستی مەسەلەکە دەزانن، بەڵام چەواشەکردنی راستییەکان لە پێناو چی دا ، نازانم؟!

لە جێگەیەکی دیکه دا و سەبارەت بە زیندانی بوونی خۆی کاك فاروق دەڵێ، سێ جار گیراوه و بە تایبەتی لە زیندانی دۆڵەتۆ دا وەك قارەمانێکی ئەفسانەیی خەیانەتی رێبەرانی حیزبی، بۆئەو جاش و پاسدارانه روون کردۆتەوه کە دە زیندانی دۆڵە توو دا بوون.

"ئێمه چووینه نیو زیندانی دۆڵەتوو، بەڵام گرفتارێکی زیاترمان دورست کرد، چوونکە بەردەوام تەبلیغاتی خۆمان دەکرد، بە زیندانیەکانمان دەگوت: باوەڕ بە مانه مەکەن و ئەوانه وەك لایەنگری کورد حەسێو مەکەن، ئەوانه وەدوای ڕەوتێکی هەڵە و لاڕێ کەوتوون، ئێمەش کوردین و لە رێبەرایەتی حیزب داین، چوونکه دژی برا کوژین ئاوا لەگەڵ ئێمه رەفتار دەکەن. کاتێ ئازاد بوون کوردەکان لە بەرچاوی میللەت مەخەن، کاتێ ئەو مەسەلانەیان دیت، مەلا برایم بە دەفتەری سیاسی راگەیاند کە ئەگەر ئەوانه لا نەبەن ئەمن ئێعدامیان دەکەم". (٩)

من لێره دا نەمدەویست وەڵامی کاك فاروق بدەمەوە بەڵام چوونکه خۆ هەلکیشانی به ئاشکرای کاك فاروقی پیوه دیاره و جگه لەمە باسەکەشی تەواو ناراسته بۆیە ناچارم هیندێ شتی وەبیر بینمەوه. جارێ لە پیش دا کاك فاروق بە تەنێ نەبوو، ئەوەندی من لە بیرم بێ کاك ئەحمەدی سەفا و خزمیکی خۆی و کاك حسیام رەحیمی (جەمشید) لەگەل بوو، کاك فاروق لە تەبلیغات دژی حیزب را نەدەوەستا و ئەلحەق ئەوەی راسته و پیکەوەش زۆرمان باس و دەمەتەقە دەکرد، بەڵام کە دەمرووانییە راویژی قسەکانی بە راستی له باری رەوانییەوه پیم تەواو نەبوو هەر بۆیە بەزەییشم پیی دا دەهاتەوه، پاشان نه تەنها من هیچ ترسیکم لیی نەبوو بەلکو رۆژنامەی کوردستانی خۆشیانم کە برایەکی رەسولی حاجی حوسین خەلکی میراویی سەردەشت بۆی دینان دەمدایە دەست کاك فاروق تا چاو و دلی پیی روون بیتەوه. تەبلیغاتی کاك فاروق لە ئازایەتی ناوبراو نەبوو؛ یەکەم زیندانی دۆلەتوو ئەو کات ئەو فەزایەی تی دا حاکم بوو؛

هەر بۆیەش كاك فاروق دەی توانی بە كەیفی خۆی تەبلیغات لە دژی حیزب و بە قازانجی ڕێژیم بكا. پاشان تەبلیغاتی كاك فاروق بۆیە بوو كە زیندانیانی نیۆ زیندانی دۆڵەتوو بە تایبەتی دوای چەند ئاڵووگۆڕێك لە بەڕێوەبەرایەتی زیندان دا، ڕاستی مەسەلەكەیان بۆڕوون ببووە و هەستیان بە بەرهەق بوونی جووڵانەوەی كورد و حیزبی دیمۆكراتی كوردستان كردبوو و ئەوەش جەنابی كاك فاروقی نیگەران كردبوو بۆیە تەبلیغاتی بۆ دەكردن، جگە لەوانە هەرگیز من بە دەفتەری سیاسی حیزبم نەگوتووە ئێوە لە زیندان لابەرن دەنا ئێعدامیان دەكەم، چوونكە یەكەم قەت ترسێكم لە ئێوە نەبووە و دڵنیاش بووم تەنانەت پاسدارەكانیش گویی بۆ قسەكانتان شل ناكەن. پاشان ئێوە لەسەر داوای حیزبی شیوعی عیراق گوێزرانەوە بۆ "مەزرا" نەك مەترسی هەرەشەی من، لە ڕاستی ئەو مەسەلەش هەم ئەحمەدی سەفا و هەم حیسامی ڕەحیمی كە هەر دووكیان هاوڕێی ئەو كاتەی جەنابت بوون ئاگادارن. جگە لەوانە من قەت باوەڕم بە هەرەشە نەبووە و هەمیشەش دژی هەر چەشنە ئەشكەنجە و ئێعدامێك بووم، ڕەفتاریشم لەگەڵ زیندانیانی دۆڵەتۆ شاهیدی ئەو ڕاستییەن.

كاك فاروق لە باسی بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتووش دا لەگەڵ ئەوەی كە ڕاستی مەسەلەكەش دەزانێ دیسان خۆی لێ دەدزێتەوە، من كە لەو ناوچەیە بووم باش لە بیرمە كە لە دوو سەد مەتری زیندان دا بنكەی ڕێبەرایەتی "حیزبی سوسیالیستی كوردستانی عێراق"لە شوێنێك بە نێوی "دەراوی دۆڵەتوو"هەڵكەوتبوو؛ ئەگەر چی من ئەو كاتە لەوێ نەبووم بەڵام وەك بەرنامە زیندانی یەكان هەموو ڕۆژێ بۆ خۆ هەڵخستن لە بەر تاو و مەلەكردن بە نۆبە هەر جارێ چەند كەسێك دەهاتنە دەر، ئەوەی من لەو مەسەلەم بیستبێ چەند فرۆكەی ڕێژیمی عێراق بۆ بۆمبارانی مقەری حیزبی سوسیالیست دێن كە لەو ڕۆژە دا كۆبوونەوەیەكی گەورەیان دەبێ، بەڵام خەسارەتەكە وە زیندان دەكەوێ و چەندین زیندانی بێ تاوان لەو بۆمبارانە دا گیانیان لە دەست دەدەن.دیارە ڕێژیم لە كاتی خۆشی دا زۆری تەبلیغات بەو مەسەلەوە كردو زۆری هەوڵ دا كە كارەساتەكە بە پیلانی حیزب بداتە قەڵەم بەڵام هەر گیز بۆی نەچووە سەرو ئێستاشی لە گەڵ دابێ كەس باوەڕی بەو تۆمەتانە نەكرد. كاك فاروق لە دوو سێ جێگاش دا خۆ دێنێتە ڕیزی شەهیدانی ٤٦ و ٤٧ و ئیدیعای ئەوە دەكاو دەڵێ: وەك ئەو شەهیدانەی كە لە لایەن بارزانیەوە تەسلیمی ڕێژیمی ئێران كرانەوە ئەویش لە لایەن حیزبەوە تەسلیمی ڕێژیمی ئێران كراوەتەوە. بە ڕاستی كاك فاروق لێرە دا بۆخۆشی نازانێ دەڵێ چی؛ بە جارێ پلەی خۆی دەباتە سەرێ یان پلەی شۆڕشگێرانی حیزبی و قارەمانانی ٤٦ و ٤٧ هێندە نزم دەكاتەوە تا دەیان گەیێنێتە پلەی خۆی و خۆیان لەگەڵ دەخاتە تای تەرازووە! بەڵام كاك فاروق! ئێوە كە لەوەتا ڕێژم هەیە هەر باوەڕتان پێی بووە و هەر بە بەژن و باڵاتان هەڵكەوتووە چۆن خۆتان لەگەڵ شەهیدانی ٤٦ و ٤٧ لە ڕیزێك دادەنێن؟! ئێوە كە ئێستاش لە كۆتایی دیمانەكە دا دەڵێن باوەڕتان بە ڕێژیم هەبووە و هەیە بە كام پێوەرو پێوانەخۆتان لە گەڵ پێشمەرگەدا هەڵدەسەنگێنن؟

ئێوە ئەگەر تەسلیمی ڕێژیم كرابنەوە تەنیا بەو هۆیە بووە كە بە سلامەت بگەنە ئەو شوێنەی دڵتان لێی دەحەسێتەوە نەكا لە ڕێگا دا ئەو خەڵكەی كە بۆخۆتان دەزانن ددانی ڕقیان لەو جۆرە كەسانە دەكرۆشت زەرەرێكتان پێ بگەیەنن. پاشان ئێوە بەو ڕابردووە خاوێنەتان پێ ویست ناكات كەس لە گوڵ كاڵترت پێ بڵێ، چوونكە مێژوو حوكمی خۆی زۆر بێ ڕەحمانە بەسەر هەموو لایەك دا دەدا. بەراستی كاك فاروف تووشی هیستریا بووە، دەنا دەبوو لەمێژبا لە ئاست خەڵكی كوردستان دەست بەرداتەوەو داوای لێبوردن بكات. لە كۆتایی دا لە كۆنەوە كوردان گووتوویانە "كەسێك دیواری شووشە بێ، بەرد دەماڵە خەڵكی ناگرێ".


**سەرچاوەكان**

١-نیو سەدە تێكۆشان —عەبدوڵا حەسەنزادە —ل ٢٥٩

٢-هەمان سەرچاوەبەرگی یەكەم ل ١٢٢

٣-وتووێژی فاروقی كەیخوسرەوی گۆڤاری "چشم انداز ایران"خاكەلێوەی ١٣٨٢

٤-نیو سەدە تێكۆشان عەبدوڵا حەسەنزادە ل ٢٤١

٥-وتووێژی فاروقی كەیخوسرەوی گۆڤاری "چشم انداز ایران" خاكە لێوەی ١٣٨٢

٦-وتووێژی د."احمد صدرحاج سید جوادی"گۆڤاری "چشم انداز ایران"خاكە لێوەی ١٣٨٢

٧-وتووێژی د."احمدصدر حاج سید جوادی"گۆڤاری "چشم انداز ایران"خاكە لێوەی ١٣٨٢

٨-وتو وێژی" مهندس هاشم صباغیان" گۆڤاری "چشم انداز ایران"خاكە لێوەی ١٣٨٢